سەرۆك کەمار پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە پادشای بەحرەینەوە پێگەیشت

سەرۆك کەمار د.لەتیف جەمال رەشید ئەمڕۆ سەشەممە 9-4-2024 بەبۆنەی جەژنی پیرۆزی رەمەزانەوە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە خاوەنشکۆ شا حەمەد بن عیسا بن سەلمان ئال خەلیفە پادشای بەحرەینەوە پێگەیشت.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کەمار لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە:-لە میانی پەیوەندیە تەلەفۆنییەکەدا سەرۆك کەمار و خاوەنشکۆ پادشای بەحرەین بەبۆنەی جەژنی رەمەزانەوە پیرۆزبایییان ئاڵوگۆڕ کرد و لە خودای گەورە پاڵانەوە ئەم بۆنەیە بە خێر و خۆشگوزەرانی و نیعمەتەوە بە هەردوو وڵات بگوزەرێنێتەوە و هەردوو گەلی برا لە هەموو زیانێك بپارێزێت و بەردەوامی بە ئاسایش و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بدات.